# بەغدای سبەینێ بە غدایەکی پڕمەترسی !!

**ڕۆژنامەنووس/ ئاسۆعەبدوللەتیف**

که دەەوترێت چوون بۆ دەنگدان دەشێت بۆ گێرانەوەی حورمەت بێت بۆ تاکی کوردی کە بەعس بەهەموو شێوەیەك هەوڵی ئەدا بۆ بێحورمەتکردنی تاکی کوردی قسەیەکی هەر وا سادەو سادەگۆ نییە، ئێمە لە عیراقدا ئەوەتاین لە بەردەم پایتەختێکدا کە هەمیشە خۆی تازە ئەکاتەوەو دەموچاوەکانی خۆیمان لێ دەگۆڕێت و بەردەوامیش رامان دەکێشێتە نێو خەیاڵدان و عاتیفەو سیحرەکانی خۆی، ئەوێ بەغدای پێ ئەوترێت و خاوەنی دێرینترین پایتەختی عیراق و خاوەنی شارستانیەتی کۆنی بابلی و سۆمەری و ئاشوریی و بەیتی نەهرەین و نەبوخەزنەسرو موعتەسەم بیللاکان و هارونەرەشیدودەیان خەلیفەی ئیسلام و تەئریخی هێرشەکانی هۆلاکۆو سوتاندن و لەناوبردنی کتێبخانەکانی بەغداو شین بوونی ئاوی دیجلەو دەیان سەربرین و کارەساتە،

بەڵام بۆ کورد بەغداد ئەو پایتەختەیە کە رۆحی دروستکردن و وێرانکردن و هەمانکات خوشویستن و رقیشمان تێدا دروست ئەکات، بێ ئەوەی بزانین بەراست ئەو پایتەختە سەدو یەك دنکیەی کە دەزولەیەکی توندی شۆڤێنی بەستویەتی بەیەکەوەو ناسراوە بە بەغدای پایتەخت، بەتایبەتی کورد لە مێژووی نزیك و بەیاننامەی 11 ئازاری 1970 وە تالاوی ئەو پایتەختە نۆش ئەکات و تەنانەت پرۆسەی ئازادی 9ی نیسانی 2003 ش نەیتوانی بەتەواوی دەموچاوی ئەو پایتەختەمان پێ ئاشنا بکات و دەزولە توندە شۆڤێنیەکەی بپسێنێ و کورد پشتوێنی لێ بکاتەوە،

هەر لەبەر ئەوە لە نێو کورددا نەوەیەك دروست بووە باوەری بە عیراق و قورسایی سیاسی پایتەختەکان نییە بەڵام شانازیش بەوەوە دەکات کە خاوەنی دەنگی خۆیەتی، دیارە کولتوری ئەم پایتەختی ترسەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە هەمیشە سەرچاوەی بریارە ترسهاوەرەکان بووە بۆ کوردی باشور، ئەوەی بە کوردستانی عیراق ناسراوە و لە پشتی دیوارەکانی پایتەختەوە ئەوەی هەبوە ترس بووە نەك ئاسۆی ژیانکردن و گزنگی پێکەوە ژیان، بۆیە سەیر نیە وگەنج باوەری بەوە نەماوە کە دەنگی ئەم بتوانێت ئەو ناسیۆنالیزمە توندرەوە رەگداکوتراوە یان ئەو تەسبیحە دنك قەڵەوو گومەزە تەقلیدی و دەزولەیە بپسێنێت کە لەو پایتەختەوە بەرهەم دێت هەربۆیە تەواو نائومێدە لە دەنگدان، دەنگدان کە بۆ بەدیهێنانی خواست و گۆرانکارییە لە کۆمەڵگادا بەڵام لای ئێمە بۆتە کوشتنی خواستەکان و چەقبەستنی گۆرانکاریەکان و هەموو خواستەکان هەڵگیراون بۆ ئایندەو ئایندەشمان بەستراوەتەوە بە بەغدایەکەوە کە دەتوانێت بە ئاسانی گوتار بەرهەم بهێنێت و دیکتاتۆر گەورە بکات،

بەڵام لە ئەمێستادا پێویستە کوردیش لەوێ ئەجێندای خۆی گەورە بکات و هێزی پێ ببەخشێت تا بەرگەی کاریزماو ئەفسونەکانی ئەو پایتەختە بگرێت، بێگومان ئەمەش پێویستی بە دەنگی شەقامی کوردی هەیە کە ئێستا دەسەڵاتی سیاسی دەزانێت چۆن و بە چ ئەستەمێك دەنگ کۆ ئەکرێتەوەو بەدەست دێت و لە حاڵەتی پەراوێزکردنی تاکی کوردیدا چ کارەساتێکی بێدەنگی و نەبوونی ئینتیما بۆ سندوقەکانی دەنگدان دروست دەبێت؟ وە چۆن ئەو جەماوەرەی کورد دەتوانێ تەحەکوم بەو ئەجێندایەی بەغدادەوە بکا.

ئێستا ئەو مەفهومە باوە کە هەڵبژاردنیش دەکرێ و دە روات کەچی هیچ گۆرانێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری گەنجدا دروست نابێ؟ ئایا سەدام بە فۆرمێکی تر دوبارە بووەوە من بۆ دەنگ بدەم و بچمە بەردەم سندوقی مەرگ و سەرشۆری؟؟ بەدەستی خۆم خۆم بخەمەوە نا و زیندانە گەورەکەی عیراق، گەنجی کورد دەیەوێت بگەرێت بۆ سندوقێك کە دەنگی خۆی بخاتە ناویەوە ژیانی بۆ بکرێتەوەو لەو بێ ئومێدیە رزگاری بکات بەڵام تا ئێستا ئاسۆی ئەو سندوقە نییەو دیار نییە، سەرنج بدەن کە هەڵبژاردن دەکرێت و مەترسی هەیە هەموو عەرەب دوژمنمانەو حەز ئەکەین هەموو دارخورماکان بسوتێن، بەڵام دوای هەڵبژاردن و وەرگرتنی چەند پۆست و ئیمتیازێك ئۆتۆماتیکی هەموو عەرەب ئەبنەوە بە برای چاو رەشمان و حەز دەکەین دار گوێزەکانیشمان بگۆرین بە دار خورما، بۆیە ئەمە گرفتی نەبوونی ئەجێندایەو گەنج نایەوێت بە دەنگی خۆی ساتەوەختێکی تر دروست بکات بۆ ترس، یان ئەو ئەو ترسانە ببەستێتەوە بە هەڵبژاردنەوە کە رەنگە دنیایەك تەلاعوب و فێڵی تێدابێت، ئەمە پێمان ئەڵێت بەغدا نەگۆراوەو هەر بەغدای جارانەو گۆران لە بەغدا شۆڕنەبۆتەوە بۆ گوتارو کولتورو مەعریفەی هاوژیانی و هیومانیزم بەڵکو گۆرانەکە لە لە کەوتنی پەیکەری سەدام تێنەپەریوە، بەبێ بەهێزبوونی گوتاری سیاسی کوردیش بەم زوانە گۆران رونادات،

کاتێ سەرکردایەتی سیاسی کوردیش رازییە بەوەی لە چوارچێوەی عیراقدا بژی و شەرعیەتی داوەتەوە بە پایتەختەکەی بەغداد دەبێت ئیتر هەوڵ بۆ ئەوە بدات کە پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە بەغدادو نەهێڵێ ئەو 77 کورسیە پەرلەمانیەی کە هەیبوو کەم بێتەوە یان پەرتەوازە بێت و گرفت بۆ ئەو گوتارە سیاسیەمان دروست بێت، بەڵام هەر بە بێ دەنگدان و هەڵبژاردن کورسیەکانی کورد بە خاتری سوننە کەمکرانەوەو بۆی دیاری کراوە و بۆشی نییە قسە بکات، باشە 15کورسی سلێمانی و 13ی هەولێرو 7ی دهۆك و 9ی کەرکوك بە یەك دوانێکی موسڵ و بەغاو هەندەرانیشەوە هێزهەیە بیگەیەنێتە 77 کورسیەکەی پێشوو؟ لە کاتێکدا یەکگرتوش لیستی جیای خۆی هەیە، بەڵام خیارێکی ناچاریش هەیەو ناکرێت ئێمە تۆڵە لە دەسەڵاتی کورد بکەینەوە بە نەچونمان بۆ دەنگدان و بەبیانوی نەخۆشبوونی ئیدارەکانمان و گەندەڵی، تازە ئەو دەسەڵاتەی خۆمان ئیعتیراف لە سەر هەبوونی گەندەڵی دەکات بە نوسراو (خاڵی 32ی بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان) کە ئەمە بەڵێنێکی ویژدانی و ئەخلاقیەو سەرکردایەتی کوردی نابێت فەرامۆشی بکات!! ئەگەرچی وەك ووتم ناچارییە بەڵام بەراستی من وا هەست ئەکەم و رای خۆشمە بەغدای سبەینێ بەغدایەکی ترسناك و پڕمەترسیەو پێوستی بەدەنگی هەر کوردێکەو ئەو بەغدایەی دوێنێش نابێت کە ئێمە پۆستی سەرەك کۆمارو دەرەوەونەخشەدانانمان تێیدا هەبوو، نەمرین مەهزەلە تازەکانیش ئەبینین، بۆیە ناشکرێت بە لاوازی بچینە هاوکێشە پەرلەمانیە چوار ساڵیەکەی عیراق و ناشبێت ئەوەندە بە خەمساردی شاندابەینەوە لەبەغاو ئەوەش کە روو ئەدات ئەوە ئەو سەرکردایەتیە لێی بەرپرسیارە کە مەستی خۆشگوزەرانیەکانی خۆیەتی و نەوەیەکی پەستیشیان بۆ کورد خوڵقاندووەو داوای دەنگیشیان لێ ئەکەن..